# دوگمەی ئاپی پێشخوێندنگا

## - لە وێب و لە ئاپ دا!

دوگمەی ئاپی پێشخوێندنگا (neppankeloksröF) خزمەتگوزارییەکی – ئەلەکترۆنیکییە بۆ تۆ کە منداڵت لە یەکێک لە پێشخوێندنگاکانی شارەوانی ئێسکیلستونادا هەیە.

تۆی پەروەردەکار بەم دوگمەیە بواری ئەوەت هەیە کە لە ڕێگەی خزمەتگوزاری ئاسان بەکارهێنراو بە دواداچوون بۆ ڕۆژی منداڵەکەت لە پێشخوێندنگا بکەیت. کارمەندان کاتی زیاتریان بەدەستەوە ئەبێت کە لەگەڵ منداڵەکاندا بن لەڕێگەی ئەوەی کە ئەتوانرێت ئەرکی کاری بەڕێوەبەرایەتی کەم کاتەوە.

لێرەدا www.eskilstuna.se/forskoleknappen زانیاریی زیاتر ئەبینیتەوەە لەبارەی چۆنێتی بەکارهێنانی دوگمەکە.

بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکەت لەبەردەستا بێت پێویستت بەوەیە کە بۆ یەکەم جار چوونەژوورەوە بۆ ناو کۆمپیوتەرەکەت بکەیت. چوونەژوورەوە (لۆگ کردن) بە پێناسنامەی- ئەلەکترۆنیکی ئەکرێت، کە شێوازێکی خێرا، دڵنیا و شێوازێکی تا دێت ئاساییترانەیە بۆ لۆگ کردن لە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت دا. گەر تۆ پێناسنامەی –ئەلەکترۆنیکیت نییە ئەتوانیت لای بانکەکەت داوای بکەیت.

کە چوونەژوورەوەت کرد، زانیارییەکانی بەکارهێنان پڕدەکەیتەوە و ناوێکی بەکاربەر و وشەی نهێنی دەکەیتەناو کە بۆ توانابوونی بەکارهێنانی خزمەتگوزاری ئاپی ناو مۆبایڵەکەت یان تەختیلەی فێربوونەکەتە.

تۆ داگرتنەوەی ئاپی دوگمەی پێشخوێندنگا بۆ مۆبایلەکەت لە ئاپ ستۆر یان گوگڵ پلەی یەوە ئەکەیت. بگەڕێ بەدوای "hypernet direkt förälder"

پاشان تۆ وەک پەروەردەکار خشتەی بنەڕەتی پێشخوێندنگای منداڵەکەت تۆمار ئەکەیت، بەڵام ئەمە تەنها لە ڕێگەی وێب ەوە ئەکرێت نەک لە ئاپ ەکەدا. ئەوە تێبینی بکە کە خشتەی تازە تەنها کاتێک بەجێئەهێڵرێت کە گۆڕانکارییەکە لایەنی کەم بۆ چوار هەفتە یان زیاتر برەوی هەبێت. تۆ ئەشتوانیت ئامادەنەبوون یان دەستبەتاڵی بۆ منداڵەکەت تۆمار بکەیت، هەم لە وێب و هەم لە ئاپ ەکەدا.